www.kurdistannet.org
28-4-2006 1:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مەترسیەکانی تەشەنەکردنی سێکسی نێوان خوشک و برا! ... شێرزاد قۆریتانی



زۆردەمێکە ئارەزوو دەکەم لەم بابەتە شتێك بوروژێنم کەچی سەیردەکەم ناتوانم چۆن دەست پێبکەم، کاری سێکسی وەکو خواردن وخواردنەوەپێویستیەکی مرۆڤن، بەلام مەترسیەکە لەوەدایە ئێستا کاری سێکسی پێچەوانە بۆتەوە نەك لەنێوان هاورێیان بەڵکو لەنێوان خوشك وبرا، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کێشەکۆمەلایەتیەکان، " گەنجێك بە چواردەسال حوکمی زیندانی دراوە بەهۆی کاری سێکسی لەگەل خوشکەکەی کەبووە هۆی سکپری خوشکەکەی، لەئەنجام دا کارەکەیان گەیشتە دادگا و خوشکەکەی براکەی تاوان بارکرد لەسەر ئەم کارە گوایە بە زۆر پێی کردووە "، ئەگەر بەزۆری پێی بکردبوایە ئەی چۆن ئەم خوشکەی تا ئەوکاتەی نزیکی منالا بوون بۆتەوە لەلای دایکی باسی نەکردووە، سەرهەلدانی ئەم کارە (موحەرەمانە) دەگەرێتەوە بۆ سەیرکردنی فلیمی سێکسی ئەگەر رۆژانە بەناوبازارەکانی هەولێر دا گوزەر بکەی چەندەها منالت بەرچاودەکەوێت بەسەر شەقامەکاندا خەریکی فرۆشتنی فلیمی (CD) جۆرەها فلیمی ترسناك و توندرەوی و وروژێنەری سێکسی دەفرۆشێت، ئەمانە هەرهەمویان پالنەرن بۆ بیرکردنەوە لە کاری سێکسی، بۆیە لەنێومالی خێزانەکانیشدا سەتەلایتەکانیا پالنەرنە رێکن بۆئەم کارە، هیچ گەنجێك نیە مۆبایلی نەبێت بۆیەهەندێك گەنج بەردەوام کورتەفلیمی سێکسی بۆیەکتر دەنێرن، لەنێو کۆمەلگای ئێمەش پەروەردەیەکی سێکسی تەندروست نیە کەلەقۆناغی خوێندن دا بۆ هۆشیارکردنەوەیان، بۆیە ئەم کارەساتەی لێدەکەوێتەوە، وەگەنجان کاتی سەیری فلیمی سێکسی دەکەن دەبینین لە نێوفلیمەکاندا خوشك وبرا یاخود باوك وکچ کاری سێکسی دەکەن، ئەمەش کاریگەری دەرونی هەیە لەسەر نەك گەنجەکان بەتەنها بەلکو پیرەکانیش، بۆیە ئەم گەنجە هەردەم وشەکانی ناو فلیمەکەی بەخەیاڵ دادێت کە چۆن لە خوشکەکەی نزیك بۆتەوە چۆن دەستی بۆبردوە بۆکاری سێکسی، وەئەگەر لەکۆمەلگای ئێمەش شوێنێك هەبێت بۆ تێرکردنی ئارەزوە سێکسیەکان ئەوا ئەم کارەی نێوان خوشك وبرا رونادات، جلوبەرگ زۆرسەرنج راکێشەرە بۆ کاری سێکسی، لە ناوکۆمەلگای ئێمەدا خێزان ناتوانێت ژوری کچەکان و کورەکان جودابێت، هەردەم لەناویەك ژوردا دەخەون و سەیری فلیمی کەنالە وروژێنەرەکانی سێکسی دەکەن و لە نزیك یەکەوە دەخەون دەبێتە روداني ئەم کارەساتە، ئەم کارەش هێندە ترسناکە نەبێتەوە، کاتی منالٚ لەمابەینی خوشك وبرا دروست بوو ئەم منالە چی بلێت بەرامبەر یان بلێت باوکە یان خالە،